# ئایا مێژوو دووبارە دەبێتەوە لە عێراق؟

نووسینی: Ingmar karlsson
وەرگێڕانی: کاوە ئەمین

کاتێک ناپلیۆن لە ساڵی 1798 دا، وڵاتی میسری داگیر کرد، گوایە بەقسەی خۆیان هێزەکانی فەرەنسا بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی میسر لە دەسەڵاتی چەوسێنەر و بێگانەی دەوڵەتی عوسمانی، هاتوون. لەو بڵاوکراوەیەی کە لە شەقامەکانی قاهیرە و ئەلکسەندەرییە بڵاوکرایەوە، خەڵک شتێکیان دەخوێندەوە کە تا ئەو کاتە گوێبیستی نەبووبوون، ئەویش دەستەواژەی ئومەی میسری بوو.

بۆ میسریەکان، مەملوک و عوسمانییەکان هێندەی فەرەنسییەکان نامۆ و بێگانە نەبوون. پایەی ناسنامەی ئەوان (میسرییەکان) لەسەر ئاین داڕێژرابوو، نەک ناسیۆنالیزمی میسری، ئەمەش وایکردبوو کە خەڵک خۆیان بە بەشێک لە ئومەی ئیسلامی بزانن، بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ مەسیحیەکانی ئەورووپادا.

هەر زوو، ناپلیۆن لەوە گەیشت کە دەبێت تاکتیکەکانی بگۆڕێت، نەوەک وەک خاچ هەڵگرێک چاوی لێبکەن. بۆ ئەو مەبەستە، میسریەکانی لەوە دڵنیاکرد، کە ئەو بۆ خۆی مەسیحی نییە و، بەڵگەشی ئەوەیە کە ئەو هێرشی کردۆتە سەر پاپا لە ڕۆما. هەر بەمەوە نەوەستا بەڵکو لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ شێخەکانی جامیعەی ئەزهەر و نوێنەری خێزانە بە دەسەڵاتەکاندا، بانگاشەی ئەوەی کرد کە ئەو موسڵمانە. فەرمانی بە ئەفسەرەکانی دا کە نابێت چاو لە ژنان بکەن و شەراب نەخۆنەوە و پێیان نەخەنە ناو مزگەوتەکانەوە.

ناپلیۆن لە شێوەی فۆرمی ئەو سەردەمەدا، چواردە شێخی وەکو ڕاوێژکار دەستنیشان کرد، پاشان فتوایەکیان دەرکرد کە ناپلیۆن (مەهدی)ە و چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کە خواپەرستی پاک و بێگەرد بگەڕێنێتەوە ناو کۆمەڵگا. ئەوان لەسەر ئەوە پێیان دادەگرت کە سورەتی 20 لە قورعاندا ڕاستەوخۆ مەبەستی لە ناپلیۆنە.

زۆری نەبرد میسریەکان بەئاگا هاتنەوە، شەقامەکانی قاهیرە خرۆشان. شێخە گەنجەکانی ئەزهەر فتوای جیهادیان دەرکرد و، بڕیاریان دا هەرکەسێک هاوکاری فەرەنسییەکان بکات وەکو کافر چاوی لێبکرێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕاوێژکارەکان پەیوەندی بە ڕاپەرینەکەوە بکەن. هاتنی ناپلیۆن وەکو هاتنی خاچ هەڵگرێکی نوێ وایە، بۆیە ئەو مافی ئەوەی نییە کە بەسەر موسڵمانانەدا حوکومڕانی بکات. ڕوداوی میسر، بووە هۆی شکستێکی سەربازی و سیاسی، کەچی ناپلیۆن دەرسی لێ وەرنەگرت، بەڵکو ئەو پێی وابوو کە ئەوە ئەرکی ئەوە ڕۆشنگەری و بیرەکانی شۆڕشی فەرەنسا بڵاوبکاتەوە، چونکە ئەم دیاردانە بۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرەوپێشخستنی سیاسەت و شارستانییەت هەنگاوگەلێکن و دەبێت خەڵکانی تریش کەڵکی لێ وەربگرن.
دوای ئەوە ناپلیۆن لەساڵی 1808 دا، ئیسپانیای داگیر کرد و هەوڵی ئەوەی دا کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێ بنیات بنێت. وەکو شۆڕشگێڕێک و کوڕی ڕۆشنگەری، هەموو مافێکی لە فیوداڵەکان سەندەوە، ئەمەش کاریگەری کردە سەر ئەندامانی سیستەمی دادوەری. لە سێ بەش بەشێکی کنیسەکانی هەڵوەشاندەوە و هەموو سەروەت و سامانەکانی فرۆشتن. ئەم کردەوانە بەرهەمێکی پێچەوانەیان بەبارهێنا.
لە جیاتی ئەوە سەرهەڵدانێکی نەتەوەیی سەری هەڵدا، جوتیارەکان بەسەرکردایەتی قەشەکان، شەڕێکی پارتیزانی بۆ ئامانیان بەرپا کرد. لە 20 یونی1809 دا، چوار لەشکری فەرەنسی کە وەک سوپایەک کە سەرکەوتن بەسەریدا محاڵ بێت حسابیان بۆ دەکرا، خۆیان تەسلیمی هێزەکانی پارتیزانەکان کرد، کە لە مێژوودا بە کارەساتی **Bailén** ناسراوە. پەرچەکرداری ناپلیۆن ئەوە بوو کە هەموو بەرپرسیارانی خستە بەردەم دادگای شەڕ و، ئیعتیمادی خۆی خستە سەر ئەوەی کە بەهۆی هاوسەنگی لە نێوان سەرکوتکردن و یاسایەکی پێشکەوتنخوازدا، دەکرێت بەرهەڵستکاران پاشەکشە پێ بکرێت. لە بەیاننامەیەکدا کە لە دیسامبری 1809 دا بلاویکردەوە، بەڵێنی دا کە ئەم کارانە و ئەو یاسایەی کە داڕێژراوە لە بەرژەوەندی خەڵکی ئیسپانیادایە و دەیانخاتە سەر ڕێگایەکی نوێ و ڕۆشن. ئێستا کاتی ئەوەیە کە خەڵکی ئیسپانیا کەڵک لە فاکتەری هەڵوەشاندنەوەی تاکڕەویانەی مەلیکی وەربگرن و یاسایەکی ئازادیخوازانە پیادە بکرێت.
هەروەک لە میسر بینرا کە چۆن یاسای ڕێکخستنی کۆمەڵگا پیادەکرا، ئیسپانیەکانیش یەکیانگرت بەرانبەر دوژمنی دیاریکراویان. بەرهەڵستی تا دەهات پەرەی دەسەند و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی لە خۆ دەگرت، ئیتر ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ کۆتای هێنانی دەسەڵاتی ناپلیۆن بەسەر کیشوەری ئەوروپادا.
هێڵە تەریبەکانی بوش لەمەڕ هەوڵدانەکانی بۆ ڕزگارکردنی عێراق، ڕۆشن دەبنەوە. ئەوساو ئێستاشی لەگەڵدابێت، میراتە مێژووییەکان، باش یان خراپ هێندە بەهێزن، ڕیشە کولتووریە بەرگرییەکان وا ڕۆچوونەتە خوارەوە بەدژی گۆڕانکارییە گەورەکان، کە تەنانەت ناتوانرێت بیر لەوە بکریەتەوە کە خۆشحاڵییەکان بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆرێک، بووەستێنێت، یان ئەو بەڵێنانەی کە دەدرێن بۆ ژیانێک لە ناو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێدا، ئەگەرچی دەوترێت ئەمە هەتا ئێستا کاملترینیانە، بەڵێ ئەمە بەتەواوەتی مانای کۆتایی مێژووە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئایا عێراق، ئەگەر بەرهەڵستکاری لەدژی هەوڵە دەرەکییەکان بۆ دانانی ڕژێمێکی دیموکراتی، کۆتاییان پێ نەیەت، هەمان چارەنووسی ئیسپانیا لەدوای داگیرکاری فەرەنسا، 150 ساڵ لە شەڕی ناوخۆیی و دیکتاتۆری، جێ گۆرگێ ناکەن؟

سەرچاوە:Minaret, årsgång 3,nummer 3-4-2003



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com